## موهەننەد عەبدولرەحیم:

# دەستنیشانکردنم بە باشترین یاریزانی ئاسیا ئەرکم قورستر دەکـــــــ

دیمانە: کارزان کاندی

**■ موهەننـــەد عەبدولرەحیم یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی هەڵبژاردەی لاوانی عیـــراق و یانەی دهۆکە، ماوەی یـــەك وەرزە لە ریزی یانەی دهۆك یاری دەکات بە گرێبەستێکی زیاتر لە ١٠٠ملیۆن دینار، موهەند لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٩ی شاری بەغدای پایتەختە، لە یارییەکانی خولی لاوانی ئاســـیا توانی ئاستێکی یەکجار بەرز پێشکەش بکات و بەهۆیەشەوە بووە باشترین یاریزانی ئاسیا لە ئاستی لاوان، لە شاری دهۆکیش ئێمە دوای چاوەڕوانیەکی زۆر لەســـەر ئەم یاریزانە وەســـتاین تا توانیمان دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام بدەین.■**





*** با لەوە وە دەســـت پێبکەین بزانین چۆن بوو لە بەغداوە پەیوەندیت بە یانەی دهۆکەوە کرد؟**

- مـــن لەســـەرەتای ئەم وەرزە کـــە دوای ئەوەی کارگێڕانی یانەی دهۆك پەیوەندیان پێوە کردم منیش بەخۆشحاڵیەوە گرێبەستەکەی یانەی دهۆکم قبوڵ کرد.

***ئـــەم وەرزە خولـــی عێراقی چـــۆن دەبینی بە گشتی؟**

- ئەمســـاڵ باشـــترە لە ســـاڵی ڕابردوو چونکە کۆمەڵێك یاریزانی بیانی روویان لە خولی بژاردەی عێراقی کردووە، شتێکی دیکەیش ئەم وەرزە هەموو یانـــەکان لە یەك خول کۆبوونەتـــەوە نەك کرابێت بە چەند کۆمەڵێك، ئەوەش بەهێزییەکی دیکەی داوەتە خولەکە ئامادەکارییەکانی یانەکانیش بەشـــێوەیەکی زۆر باشـــتر بوون لە چاو ساڵانی دی، ئەم وەرزەش خولی عێراقی گرانترە بۆ یانەکان چونکە لە گشت روویەکەوە ئامادەکاری باش کراوە.

***بۆچی یاریزانەکانی شارەکانی بەغدا و شارەکانی باشوور زیاتر روو لە یانە کوردستانییەکان دەکەن؟**

- دووساڵ پێش ئێستا بارودۆخی عێراق بەم شێوەیە باش نەبوو، بەڵام لە کوردســـتان بـــە پێچەوانەوەی شـــارەکانی دیکەی عێراقی بارودۆخ ئارامە وخۆشە لێرە نیزامی پیشـــەگەر هەیە لەوێ نییە بەمەبەستم شارەکانی دیکەیە، یانەی بەهێز لە کوردستان بوونیان هەیە وەکو یانەکانی هەولێرو دهۆك و چەندین یانەی دیکە، هەر کەسێکیش پیشەگەر بێت هەلێکی زێڕینە بۆئەوەی لە پاڵەوانێتییەکانـــی دەرەوە دەربکەوێت و ئاســـتی خۆی پێشکەش بکات، پیشەگەری یاریزان زۆر گرنگـــە چونکـــە یاریزان دەباتـــە قۆناغێکی دیکە خەڵك دەیناســـێت لەوێ دەتوانێ بوونی خۆی بسەلمێنیت.

***ئەو کێشـــەو گرفتانە چین لـــە یانەی دهۆك ڕووبەڕووتان دەبێتەوە؟**

-ســـوپاس بۆخوا دەســـتەی کارگێڕی یانەکەمان هەموو پێداویستیەکانی ئێمەیان دابین کردووە ناهێڵن هیچ کەم و کوڕییەکمان هەبێت.

***لە ئێستادا یانەی دهۆك لە سێ خاڵ بەشداردەبێت چی بە هەوادارانی یانەی دهۆك دەڵێیت؟**

- بەهیـــوای ئەوەم جامی عێراق و خولی بژاردەی عێراق بەدەســـت بهێنم لەگەڵ یانـــەی دهۆك و لە پاڵەوانێتی ئاســـیاش ئاســـتێکی شایستە پێشکەش بکەیـــن و ناوی دهـــۆك بەرز کەینـــەوە، ئەنجامی یانەکەشمان بەرەو پێشبچێت.

***لە پاڵەوانێتیی ئاسیای لاوان ئاستێکی شایستەت پێشـــکەش کرد، بۆچی لە یاری کۆتایی بەرامبەر کۆریا تووشی شکست بوون؟**

# ـــــات و هەرگیز یانەی دەهۆک جێناهێڵم

- لـــە یاریمان بەرامبەر کۆریا ئێمە وامانزانی کەوا یارییەکە تەواو بووە ئێمە جامەکەمان بردەوە لە خۆشیان وامان لێهاتبوو چونکە ئەوەمان زانی کە سەد لەسەد جامەکە بۆئێمەیە، بەڵام لە خولەکی ٩٢ی یارییەکە کە گۆڵمان لێکرا و بارودۆخی یاریزانەکانمان تێکچوو، ئەگەر نا هیچ پاڵەپەســـتۆیەکمان لەسەر نەبوو تەنیا ئەوە بوو کە یاریزانەکان لەخۆبایی بوون.

***لە میدیاکانی عێراقی باســـی ئەوە دەکرێت کە گرێبەستێکی زۆرت پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکانی کەنداو تاچەند ئەم هەواڵانە ڕاستن؟**

-شتی وا نییە هیچ گرێبەســـتێکم بۆنەهاتووە لە کەنداو ئەگەر بۆشم بێت من یانەی دهۆك جێناهێڵم و پەیوەســـت دەبم بە گرێبەســـتەکەم لەگەڵ یانەی دهۆك.

***هیـــوا ئاواتت چییە وەکـــو یاریزانێکی لاو کە هێشتا زۆرت ماوە بۆئاستی شایستەتر؟**

- ئەوەی ڕاســـتی بێت من هەلم لەبەردەست ماوە دەمەوێت گرنگی بە ئاستی خۆم بدەم، لە ئێستاشدا زۆر سەر بڵندم کەوا نوێنەری یانەی دهۆك لە دەرەوە و ئاســـتم زۆر باشـــە و هەوڵدەدەم ئە ئاست بەرزیەم بپارێزم.

***زۆر باســـی ئـــەوە دەکرێ لە یانـــەی ئۆنجی فەرەنسی بە فەرمی گرێبەستت پێشکەش کراوە ئەم دەنگۆیانە تا چەند ڕاستن؟**

-یانەی ئۆنجی هیچی بەفەرمی بۆمن نەناردوە تا من قسەی لێوە بکەم ئەوە تەنیا قسەی ڕاگەیاندنەو هیچـــی دیکە نییە بەڵام ئـــەوە دەڵێم لەگەڵ یانەی دهۆك زۆر ئاسوودەم.

*** شەرەفی باشـــترین یاریزانی ئاسیات پێبەخشرا هەست بەچی دەکەی ئێستا؟**

- ئـــەوە بۆمن گەورەییەکی زۆر بوو زۆر هەســـت بەخۆشـــحاڵی دەکەم دڵخۆشـــم بەو شەرەفە گەورەیە هەولیش دەدەم ئەم ئاســـت بەزریەم بپارێزم و چونکە ئێســـتا ئەرکم قورســـتر دەبێت، هەوڵیش دەدەم ئاستم بەرەو پێشتر ببەم.

***زۆر جـــار کـــە یاریزانانی عێراقـــی کە دەگاتە لوتکەی یاری کردن تاڕادەیەك لە خۆبایی دەبێت ئایا تۆش بەهەمان شێوە دەبێت؟**

- باوەڕ ناکەم ئەمە لەمن بەدی بکرێت و ئەوەی لە نزیکەوە من دەناســـێت دەزانێ من بەم شێوەیە نیم وبە پشتیوانی خوا هەوڵدەدەم کەسێکی باش بم.

***هەوڵدەدەیت ببیتە گۆڵکاری خولی عێراقی ئەم وەرزە؟**

- گرنـــگ ئەوە نییە من ببمە گۆڵکاری عێراقی گرنگ ئەوەیە یانەی دهۆك ســـەرکەوتن بەدەســـت بهێنێت.

***ئەگەر گرێبەســـتێکی گران بەهاترت بۆ بێت ریزی یانەی دهۆك جێدەهێڵیت؟**

- من ناچمـــە هیچ یانەیەکـــی دیکە چونکە یانەی دهۆك هەموو شـــتێکی بۆدابین کردووین دەســـتەی کارگێڕیی یانەی دهۆك و هاندەرانی یانەکە زۆر ڕێزمان دەگرن.

***بەڵێنی چی بـــە هاندەرانی عێراق دەدەیت لە جامی جیهانی لاوان ؟**

- بەڵێنی ئەوە دەدەین کە ئاســـتمان باشـــتر بێت ونیازی ئەوەمان هەیە زیاتر خۆمان ماندوو بکەین، لەم پاڵەوانێتیە ئاســـتی هەڵبژاردەی عێراق بەرەو پێشـــتر ببەین، دەســـتکەوتێکی گرنگ بەدەست بهێنین بۆمێژوو.

***حەزدەکەیـــت بۆماوەی زیاتر لە کوردســـتان بمێنیتەوە؟**

- ئێســـتا من لە دهۆکم نازانم لە داهاتوو چی ڕوودەدات.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-سوپاسی گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست دەکەم، کە ئەرکتان کێشـــاوە ســـەردانی دهۆکتان کردووە لێرەوە دەست خۆشـــیتان لێ دەکەم بەهیوای ئەوەم بەردەوام گۆڤارەکەتان لە پێشکەوتن بێت.





## کچانی زانکۆی سەڵاحەدین بوونە پاڵەوانی ریشەی زانکۆکان

**لە هۆڵی زانکۆی سلێمانی، پاڵەوانێتیی ریشەی زانکۆکانی کوردستان بەبەشداریی هەریـــەك لـــە زانکۆکانی (ســـلێمانی و ســـەڵاحەدین و کۆیە و دهۆك) لە ئاستی کوڕان و لە ئاســـتی کچانیش هەریەك لە زانکۆکانی (سەڵاحەدین، سلێمانی، دهۆك، زاخۆ، گەرمیان، کۆیـــە، پۆلۆ تەکنیك) ئەنجامـــدرا کە یارییەکانی بە شـــێوازی خـــول بەڕێوەدەچوو، لـــە پاڵەوانێتییەکەش یاریزانانی بەشداربووی زانکۆکان ئاستێکی بەرزیان پێشـــکەش کرد لە هەردوو ئاستی کـــوڕان وکچان، ئەنجامـــی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوە.**

**ئاستی کچان**
**١-زانکۆی سەڵاحەدین**
**٢-زانکۆی دهۆك**
**٣-زانکۆی سلێمانی**

**ئاستی کوڕان**
**١-زانکۆی سلێمانی**
**٢-زانکۆی سەڵاحەدین**
**٣-زانکۆی دهۆك**





# پێنج بۆکسێنەر پاڵێوراون بۆ باشترین بۆکسێنەر لە ساڵی ٢٠١٢




ئەنجوومەنی جیهانیی بۆکسێنەر هەفتەی رابردوو بەفەرمی ناوی پێنج بۆکسێنەر ئاشکرا کرد، کە بۆ وەرگرتنی نازناوی باشترین بۆکسێنەر لە ساڵی ٢٠١٢ پاڵێوراون.

یاریزانەکانیش بریتین لە (ئەرژنتینی سێرخیۆ مارتینیز، پۆرتەریکۆ دانی گارسیا، ئۆکرانی فیتالی کلیتچکۆ، ئەمەریکی رۆبێرت گێرێرۆ، مەکسیکی ئەبنر ماریس).

وا بڕیارە لە ساڵیادی دامەزراندنی ٥٠ ساڵەی ئەنجوومەنی جیهانیی بۆکسێنەر لە ساڵی ٢٠١٣ ناوی باشترین بۆکسێنەری جیهان ئاشکرا بکرێت.

# میتچۆ بانگهێشتی هەڵبژاردەی ئیسپانیا کرا

دوای ئەوەی لە سەرەتای وەرزی ئەمساڵ یانەی سوانزی سیتی بە بڕی (٣,٢) ملیۆن دۆلار یاریزانی ئیسپانی میتچۆی لە یانەی رایوڤالیکانۆ کڕی، لەگەڵ دەستپێکردنی یارییەکانی خولی پلە نایابەکانی ئینگلتەرە ئەم یاریزانە توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، لە کۆی ١٨ یاری ١٣ گۆڵ بۆ یانەکەی تۆمار بکات و لە پێشەنگی گۆڵکارانی خولی ئینگلتەرە بێت.

دوای ئەم ئاستە بەرزە راهێنەری ئیسپانی دیل بۆسکی لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەکانی ئیسپانیا تەئکیدی لەوە کردووە، کە بەفەرمی بانگهێشتی یاریزان میتچۆ دەکات بۆ ئەوەی لە ٦ی مانگی داهاتووی ساڵی نوێ بەشداریی لە یارییە دۆستانەکەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و ئۆرگوای بکات، کە لە وڵاتی قەتەر بەڕێوە دەچێت.

میتچۆی تەمەن ٢٦ ساڵ ئەمە دەبێتە یەکەم یاری نێودەوڵەتیی ئەو کە لەگەڵ هەڵبژاردەکەی بەشداری بکات.

لە لایەکی دیکەوە راهێنەری یانەی سوانزی سیتی مایکل لاودرۆب بڕیاری داوە لە گواستنەوەی زستانە گرێبەست لەگەڵ یاریزانی هێڵی هێرشبەری یانەی سەلتافیگۆ ئیگاۆ ئەسباس مۆربکات بۆ ئەوەی شانبەشانی میتچۆ لە هێڵی هێرشبەر یاری بکەن، لە هەمان کاتدا دیل بۆسکی بڕیاری داوە بانگهێشتی ئیگاۆ ئەسباس بکات بۆ هەڵبژاردەی ئیسپانیا.




# بەهۆی پێکانەوە زڤۆناریفا بەشداری لە پاڵەوانێتیی ئوسترالیا-ی کراوە ناکات

کچە یاریزانی تێنسی سەر زەویی رووسی ڤێرا زڤۆناریفا تووشی پێکان هات و بەفەرمی کشانەوەی خۆی لە پاڵەوانێتیی ئوسترالیا-ی کراوە لە تێنسی سەر زەوی راگەیاند، کە یەکەمین پاڵەوانێتییە لە ساڵی ٢٠١٣ ئەنجام دەدرێت.

پاڵەوانێتیی ئوسترالیای کراوە لە (١٤ تا ٢٧) مانگی داهاتووی ساڵی نوێ ئەنجام دەدرێت، چەندین یاریزانی بەناوبانگی جیهان بەشداری تێدا دەکەن و بایەخێکی زۆر بەم پاڵەوانێتییە دەدرێت، چونکە یەکەمین پاڵەوانێتیی گەورەیە لە ساڵی نوێدا.

زڤۆناریفا تەمەن ٢٨ ساڵ، کشانەوەی خۆی بەهۆی هەمان هۆکار لە پاڵەوانێتیی ئۆکلاند راگەیاند.

# لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ئێوارە خوانێکی بۆ یانەی هەولێر سازکرد

بەبۆنەی بە دەستهێنانی خولی پلە نایابەکانی عێراق بۆ جاری چوارەم و گەیشتن بۆ یاریی کۆتایی جامی یەکێتیی ئاسیا، عەلی حوسێن بەپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ئێوارە خوانێکی بۆ یاریزانان و دەستەی راهێنەران و دەستەی کارگێری یانەکە سازکرد، لەم ئێوارە خوانەدا بەرپرسی لقی دوو وێڕای پیرۆزبایی ئەم دەستکەوتە مەزنەی لە یەکە یەکەی یاریزانان و دەستەی راهێنەران کرد

تەئکیدیشی لە گرنگی یانەی هەولێر و دەستکەوتەکانی کردەوە کە دەبێت هەموو لایەك پاڵپشتی و پشتگیریی لێ بکەن.

دواتر بەرپرسی لقی دوو خەڵاتی پێشکەش بە یاریزانان و دەستەی راهێنەرانی یانەکە کرد.

جێگەی باسە دوای بە دەستهێنانی نازناوی خولی نایابی عێراق بۆ جاری چوارەم و گەیشتن بە یاریی کۆتایی جامی یەکێتیی ئاسیا چەندین لایەن پیرۆزبایی ئاراستەی یانەکە کرد.



## راهێنانێک بۆ کەمکردنەوەی کێش

**دوای ئەوەی لە ژمارەکانی رابردوودا چەند راهێنانێکمان بڵاوکردەوە، لەم ژمارەیەشدا راهێنانێکی دیکە بڵاو دەکەینەوە، بەڵام پێویستە لەسەر هەموو لایەك پێش جێبەجێکردنی ئەم راهێنانە پەیڕەوی ئەم ٣ خاڵەی خوارەوە بکەن.**

١-دەبێت راهێنانەکان بەشێوەیەك ئەنجام بدەن، کە تووشی سەرسووڕان و ماندوو بوون نەبن.

٢- بەهیچ شێوەیەك نابێت ئەم راهێنانە دوای نان خواردن ئەنجام بدرێت.

٣- پێش ئەنجامدانی ئەم راهێنانە دەبێت بەشێوەیەکی باش مەشقی خۆ گەرم کردنەوە وەکو (یارییەکانی سویدی) بکەن بۆ ئەوەی تووشی هیچ ئازارەیەکی لە ناکاو نەبن.

راهێنانی سێیەم

دەبێت یەکەمجار لەسەر زەوی درێژ بێت و دەستەکان لە پشت سەر دابندرێت و ئەژنۆکان بنووشتێنەوە بە ئاڕاستەی سینگ، دواتر قاچەکان بەرزبکرێتەوە بە گۆشەی (٩٠) پلە لەگەڵ کەمەر، دواتر دووبارە ئەژنۆکان دەنووشتێنەوە بە ئاراستەی سینگ ئینجا قاچەکان بۆ پێشەوە بەرز دەکەینەوە بە گۆشەی ٤٥پلە پاشان دەگەڕێنەوە ئاراستەی یەکەم.

ئەم مەشقە ١٠ جار دووبارە دەکرێتەوە.








٢



٣




٤




٥




٦




٧



٨



٩



١٠



# سەرنجڕاکێشترین ئافرەت لە نێو پەیژەکانی یاریگا

لــە ژمارەکانی رابردوودا چەند ئامارێکی تایبەت بە باشــترین و جوانترینەکانی ســاڵی ٢٠١٢ بڵاوکردەوە، لەم ژمارەیەشــدا ئاماری سەرنجڕاکێشــترین ١٠ ئافرەت لە نێو پەیژەکانی یاریگا دادێین لە ســاڵی ٢٠١٢، ئەم ١٠ ئافرەتە بە هۆی جوانییان، ســەرنجی گشتییان بۆ لای خۆیان راکێشابوو بە تایبەتی دەزگاکانی راگەیاندن، کە بەم شێوەیە.

١-رۆژنامەنووســی ئیســپانی ســارە کاربۆنێرۆ هاوڕێی گۆڵچیی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و ریال مەدرید ئیکەر کاســیاس، لە جامی نەتەوەکانی ئەوروپا ٢٠١٢، کاسیاس لە کاتی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سارە راستەوخۆ کچە هاوڕێیەکی ماچ کرد.

٢-کچە هاندەری پاراگویی ئەنجی ئیکرت، بووە سەرنجڕاکێشــترین کچە هاندەری هەڵبژاردەکەی و لە گشت یارییەکانی ئامادە دەبێت.

٣-نمایشکەری جل و بەرگی رووسی و هاوڕێی یاریزانی هەڵبژاردەی پورتوگال و ریال مەدرید ئیرینا شــایك، کە هەردەم دەزگاکانی راگەیاندنی جیهان بە دوای هەواڵەکانــی دەگەڕێن و ئامادەی چەنــد یارییەکی یانەی ریال مەدرید بوو.

٤- کچــە هاندەری هەڵبــژاردەی پاراگوای لاریســا ریکلایمی یەکێکە لە بەناوبانگترین هاندەر لەسەر ئاستی جیهان و هەردەم ئامادەی یارییەکانی هەڵبــژاردەی پاراگوای دەبێت و بە گەرمی هانی یاریزانانی هەڵبژاردەکەی دەدات.

٥-کچە شۆخ و شەنگی فەرەنسی زاهیە دەهار، کە پەیوەندیی نهێنی لەگەڵ چەندین یاریزانی بەناوبانگی جیهان هەبوو، لە ســاڵی ٢٠١٢ سەرنجی گشــت لایەکی بۆ خۆی راکێشا بەهــۆی ئاشــکرابوونی پەیوەندیی نهینی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی ریــال مەدرید کەریم بن زیمە، کــە دەنگۆیەکی زۆری دایەوە لە جیهان.

٦-هاندەری سەرشــێتی یانــەی گریمیۆی بەرازیلی بۆلیس تیلاســکۆ، کە ئامادەی گشت یارییەکانی یانەکەی دەبێت و پاڵپشتیی دەکات لە خۆشــی و ناخۆشیەکانی و سەرنجی هەموو لایەکی بۆ خۆی راکێشاوە.

٧-هەردەم لــە یارییەکانی هەڵبــژاردەی کۆلۆمبیا گشت زوومەکانی دەزگاکانی راگەیاندن و ئامادەبووان رووبــەرووی یاریزانی هەڵبــژاردەی کۆلۆمبیا تاتیانا ئەزێرا دەبێتەوە و یەکێکە لە شــۆخ و شــەنگترین کچە یاریزان لە یاریگاکانی جیهان.

٨- لــە جامــی نەتەوەکانی ئەوروپــای ٢٠١٢، بە تایبەتی لــە یارییەکانی هەڵبــژاردەی پۆڵەندا کچە هاندەری هەڵبژاردەی پۆڵەندا ناتالیا ســەرنجی هەموو لایەکی راکێشــا و بە بوو بە شــاجوانی هاندەران لەم پاڵەوانێتییە دەستنیشان کرا.

٩-هەرچەنــدە کچە گۆرانبێژی کۆلۆمبی شــاکیرا بەناوبانگترین گۆرانبێژە لەجیهان، بەڵام دوای پەیوەندیی خۆشەویستەکەی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی بەرشلۆنە جیرارد پیکیە دەزگاکانی راگەیاندن بایەخێکی زیاتریان پێ دەدا، لە هەمان کاتدا شــاکیرا ئامادەی زۆربەی یارییەکانی یانەی بەرشلۆنە بوو.

١٠-یــارا نەعوم خێزانی یاریزانــی یانەی ئەهلی و هەڵبژاردەی میســر عیماد متعب هــەردەم ئامادەی یارییەکانی یانەی ئەهلی دەبوو لە نێو یاریگا هەندێك جــار بەهــۆی ئامادەبوونــی جەماوەر کێشــەیان بۆ درووســتدەکرد لە هەمان کاتدا دەبووە کێشە بۆ یاریزانی ناوبــراو و دەزگا راگەیاندنەکانــی میســر بایەخێکی زۆریان پێدەدا.




١



# یارییەکانی ساڵی ٢٠١٢ لە یاد ناکرێن

لە ساڵی ٢٠١٢دا، چەندین پاڵەوانێتیی جیهانی لەسەر ئاستی یانەکان و هەڵبژاردەکان و یارییەکانی خولەکانی ئەوروپا و وڵاتان بەرێوەچوون، بە پێی چەند ئامارێك و راوبۆچوونی چاودێران ١٠ یاری لە ساڵی ٢٠١٢، کە هەرگیز لە یاد ناکرێن بەهۆی بەهێزیی یارییەکان، هەروەها جەماوەر تام و چێژێکی تایبەتییان لێوەرگرتوون بەم شێوەیە.

١-یاریی کلاسیکۆی ئیسپانیا و جیهان ریال مەدرید و بەرشلۆنە لە خولی ئیسپانیا قۆناغی یەکەم، کە یارییەکە بە یەکسانبوونی هەردوو یانە بە ئەنجامی (٢-٢) تەواو بوو.


٢-یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی هەردوو


١



٢



٣


٤


٥


٦


٧


٨


٩


١٠

هەڵبژاردەی سوید و ئەڵمانیا یەکێك لە خۆشترین و بەهێزترین یارییەکانی ساڵی ٢٠١٢ ئەنجامدرا، کاتێك یارییەکە بە یەکسانبوونی هەردوو هەڵبژاردە بە ئەنجامی (٤-٤) گۆڵ تەواو بوو.

٣-لە یاریی چوونی جامی سوپەری ئیسپانیا بۆ تۆپی پێ، هەردوو یانەی ریال مەدرید و بەرشلۆنە رووبەرووی یەکتر بوونەوە، لەم یارییەدا یانەی بەرشلۆنە یارییەکەی بە ئەنجامی (٣-٢) گۆڵ بردەوە.

٤-لە جامی نەتەوەکانی ئەوروپای ٢٠١٢دا، هەردوو هەڵبژاردەی ئینگلتەرە و سوید یارییەکی یەکجار بەهێزیان ئەنجامدا، لەم یارییە هەڵبژاردەی ئینگلتەرە توانی یارییەکە بە ئەنجامی (٣-٢) گۆڵ بباتەوە.

٥- لە یارییەکانی قۆناغی ١٦ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای ٢٠١٢دا، هەردوو یانەی بەرشلۆنە و بایەرن لیڤەرکوزن رووبەڕووی یەکتر بوونەوە، لەم یارییەدا یانەی بەرشلۆنە توانی یارییەکە بە ئەنجامی (٧-١) گۆڵ بباتەوە.

٦- لە یاریی کۆتایی جامی ئەڵمانیا هەردوو یانەی بروسیا دۆرتمۆند و بایەرن میونیخ رووبەڕووی یەکتر بوونەوە، لەم یارییەدا یاریزانانی یانەی بروسیا دۆرتمۆند توانیان سەرکەوتن تۆمار بکەن بە ئەنجامی (٥-٢) گۆڵ.

٧-لە هەفتەی یەکەمی خولی پلە نایابەکانی ئینگلتەرە هەردوو یانەی ریدینگ و مانچستەر یۆنایتد رووبەڕووی یەکتر بوونەوە، لەم یارییەدا یاریزانانی هەردوو تیپ ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد و یانەی مانچستەر یۆنایتد توانی یارییەکە لە بەرژەوەندیی خۆی تەواو بکات بە ئەنجامی (٤-٣) گۆڵ.

٨-لە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ٢٠١٢دا، هەردوو یانەی چێلسی و بایەرن میونیخ رووبەڕووی یەکتر بوونەوە،ئەم یارییە لە کاتی یاسایی و زیادکراو بە ئەنجامی (١-١) گۆڵ تەواو بوو بە لێدانی یەکلاکەرەوەی سزا یانەی چێلسی توانی یارییەکە لە بەرژەوەندیی خۆی تەواو بکات.

٩- لە خولی یانە پلە نایابەکانی ئینگلتەرە لە وەرزی ئەمساڵدا لە قۆناغی یەکەمدا هەردوو یانەی مانچستەر سیتی و مانچستەر یۆنایتد رووبەرووی یەکتر بوونەوە، لەم یارییەدا یانەی مانچستەر یۆنایتد توانی یارییەکە بە ئەنجامی (٣-٢) گۆڵ بباتەوە.

١٠-لە خولی پیشەگەرەکانی سعودیە لە وەرزی ئەمساڵدا یانەی فەتح، کە ئەم وەرزە سەرکەوتووە توانی ئەنجامی چاوەڕواننەکراو لە خولەکەدا تۆمار بکات و یەکێك لە یارییە بەهێزەکان توانی بە ئەنجامی (٣-٢) گۆڵ لە یانەی ئەهلی بباتەوە، کە دووەمی ئاسیایە.